## پێشنیازەیاساو بڕیارەکانی وەرزەکانی (یەکەم و دووەم) لەساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان

| ژ | | |
|---|---|---|
| | کۆی گشتی | 65 |
| 1 | پەسەند کراو | 10 |
| 2 | ڕەتکراوە لەلایەن حکومەت یان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان | 12 |
| 3 | چارەسەرکراو بەپێی یاساو بڕیارە پەسەندکراوەکان | 5 |
| 4 | ئەوانەی پێویستییان بەپاڵپشتیی دارایی-یە یان گۆڕانکارییە لەپەیکەری دامەزراوەیەك و حکومەت تائێستا ڕەزامەندیی لەسەر نەداون | 21 |
| 5 | ئەو پێشنیازەیاساو بڕیارانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ نەکراوە | 10 |
| 6 | ئەوانەی لەژێر پرۆژەی تەشریعدان و لای لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانن | 7 |

تێبینی/ بە پێی ئەم خشتەیە:-

یەکەم/ کۆی پرۆژەیاساو بڕیارەکان (65) پێشنیازو پرۆژەن.

دووەم/ (10) یان پەسەندکراون، (5) یان لەڕێگەی یاساو بڕیارە پەسەندکراوەکان چارەسەرکراون، (5) یان لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە ڕەتکراونەتەوە، (7) یان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکراونەتەوە.

سێ یەم/ واتا تەنها (38) پێشنیازەیاساو بڕیار لەبەردەستی پەرلەمان ماوە بۆ کار لەسەرکردن.

چوارەم/ (21) پێشنیازەیاساو بڕیار پێویستیی بەپاڵپشتیی دارایی حکومەت و ڕەزامەندیی دابینکردنی تێچووی خەرجیی جێبەجێکردنی یاسا یان بڕیارەکەیە، یان گۆڕینی هەیکەلەی دامەزراوەیەکەو پێویستیی بەڕەزامەندییە، بەڵام تائێستا ئەنجوومەنی وەزیران ئەو ڕەزامەندییەی نەداوە.

پێنجەم/ (17) پێشنیازەیاساو بڕیار ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە هەمیشەییەکان کراوە:-

أ- (10) پێشنیازەیاساو بڕیار لای لیژنەی کاروباری یاسایی-یەو تائێستا بەپێی ماددەی (79)ی پەیڕەوی ناوخۆ بڕیار لەسەر ئامادەکردنی بۆ خوێندنەوەی یەکەم نەدراوە.

ب- (7) پێشنیازەیاساو بڕیار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاڕاستەی لیژنە هەمیشەییەکان کراوە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و خوێندنەوەی (دووەم) بەڵام تائێستا سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین مانگ ئەو ڕاپۆرتانە ئامادە نەکراون.